قوباد تاڵەبانی: لەسەر هێناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم نەگەیشتونەتە ڕێککەوتن

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم ڕاگەیاند، لەسەر هێناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم نەگەیشتونەتە ڕێککەوتن و بە موچەش چاوەڕوانی ڕێزامەندی وەزارەتی دارایی عێراق دەکەن، دەشێت، "ئەوەی دەوترێت لەبارەی ناکۆکی پارتی و یەکێتی هەموی ناڕاستە و کێبوونەوەکەی نێوان مەسرور بارزانی و باڤێ تاڵەبانیش زۆرباش بوو".

قوباد تاڵەبانی، ئەمڕۆ سەشەممە لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر ڕایگەیاند، تا ئێستا لەسەر هێناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەمپانیایی سۆمۆ نەگەیشتونەتە ڕێککەوتن. ئاماژەی بۆشکرد، "بە موچەی مانگی (نیسان/4)ـی فەرمانبەر و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی عێراق دەکەین".

لەبارەی کێبوونەوەکانی یەکێتی و پارتیشەوە دەڵێت، "کێبوونەوەکەی نێوان مەسرور بارزانی و باڤێ تاڵەبانی زۆرباش بوو، زەمینەی باشتری ڕەخساندوە بە متمانەی زیاتر و کۆشکی گونجاوتر لەنێوانمان، بە ئەوەی کاتێک حکومەت پێکهات باشتر بتوانین ئەم هەرەمە بەڕێوە ببەین".

ئەوەشیخستە، ئەوەی دەوترێت لەبارەی ناکۆکی پارتی و یەکێتی لەسەر دابەشکردنی وەزارەتەکان هەموی ناڕاستە، بەڵام هەکار زەربوە بە دواکەوتنی کابینەی نوێی حکومەت، یەکێک لە هەکارەکان جدیەتی هەردولا بوە لەبارەی ئەوەی حکومەتێک پێکبێت شایستەی خەڵکی کوردستان بێت.

لەبارەی یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکان لە بەغداد قوباد تاڵەبانی وتی، "ئاساییە لەناو هەرەمی کوردستان بەچونی جیاوازمان هەبێت، بەڵام دەبێت لەسەر پرسە گرنگ و نیشتمانییەکان لە بەغداد لەپێناو هەرەمی کوردستان یەک ئاراستەبین".